سەرۆک وەزیران: سەرکەوتوو بووین لە دەستپێکردن و هاندانی گفتوگۆکان، دیارترینیان لە نێوان سعودیە و ئێران بوو

محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکوەزیران ئەمڕۆ شەمە، ڕایگەیاند، حکومەتەکەی بە سەرکەوتوویی ئەرکی هاوپێیمانی نەوەدوەتی تەواو کردووە و بەرەو پێیوەندی دوو قۆڵی لێگەڕ وەاتانی پێیوەندیدار هێنگاوی ناوە، جەختیشی لێوە کردەوە کە ئەم هێنگاوە لەژێر هەلومەرجێکی سیاسی ئاڵۆزدا هاتووە.

ئەمەش لێکاتی ئامادەبوونی لە چالاکییەکانی حەوتەمین کۆنفرانسی دیالێگی نەوەدوەتی بەغدا بوو، کە تیایدا ئاماژەی بە سەرکەوتنی عێراق کرد لە دەستپێکردن و هاندانی گفتوگۆی کاریگەر، دیارترینیان گفتوگۆی نێوان شانشینی سعودیە و کۆماری ئیسلامی ئێران بوو.

سودانی دووپاتی کردەوە کە حکومەتی عێراق پاڵپشتی بەردەوامی خۆی بە دیالێگ و ئاوگۆڕی بیروڕا نوێ دەکاتەوە، هوونیشیکردەوە، گفتوگۆ ئەو ڕێبازەیە کە حکومەت بە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان گرتوویەتیەبەر، هەروەها حکومەت ئاگاداری قەبارەی ئەو ئاستەنگە سیاسی و ئابوورییە ناوخۆیی و دەرکیانەیە کە هووبەووی دەبەتەوە.

ئەلسودانی ئاماژەی بەوەدا، پابەندبوون بە سیاسەتی هاوسەنگی تەحەددایەکی قورسە، بەو پێیەی حکومەت مامەڵەی لەگەڵ چەندین موزایەدە و پێشنیاری ناواقیعی کرد، جەختیشی لێوە کردەوە کە عێراق ڕێبازەکی هاوسەنگی لە هەڵوەستە نەوەدوەتی و هەرەمیەکانیدا پاراستووە.

هەروەها ئووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ی بە گرنگ وەسف کرد لە پێناسەکردنی چەمکەکانی مافی ژیان و بوونی گەلی فەلەستین و جەختی لێوە کردەوە کە عێراق پابەندە بە هەوەستە پتەوەکانی و پشتیوانی لە مافی مرۆویی فەلەستین.

سەبارەت بە ئەوەی گەشەپێدان، ئەلسودانی جەختی لێوە کردەوە کە عێراق بەردەوامە لە جێبەجێکردنی پرۆژە ستراتیژییە گەورەکانی، وەک پرۆژەی "ڕێگای گەشەپێدان" کە بەرزکردنەوەیەکی ئابوورییە و ئامانجی پتەوکردنی پێگەی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی عێراقە.

سەرۆک وەزیران ئاماژەی بە گرنگی یەکگرتنی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دەست کرد، ئاماژەی بەوەدا کە ئەم یەکگرتنە تەنیا دروشم نییە، بەڵکو بەشێکی جەوهەرییە لە چارەسەری ئابووری و گەشەپێدانەکان، هانی بەردەوامی ئاوگەلی بیرەکە و دیالۆگ بە بەرزکردنەوەی هاوکاری هاوبەشیشی دا.